# ژیان لە ئازادیدا لەخولێکی ڕاهێنانی ئەنجومەنی گەنجانی یانەی کوردی "میدیا" لەهۆڵەندا

کامەران ئەحمەد سلێمان/ هۆڵەندا:

ڕۆژانی 24-25 ی دیسەمبەری 2005 لە شارۆچکەی زایست ئەنجوومەنی گەنجانی یانەی کوردی "میدیا" بە بەشداری 40 گەنج و لاوی کوڕوکچی کوردی دانیشتووی شارە جیاجیاکانی هۆڵەندا خولێکی ڕاهێنانی دوو ڕۆژەیان ڕێکخست بۆ ئەوەی گەنجان لە کێشە و گرفتەکانی خۆیان بدوێن و باس لەچارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە بکەن کە لەهۆڵەندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەر لەپرۆسەی خوێندن و بازاڕی کار و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی و کێشەی خۆگونجاندن و تێکەڵاو بوون وپاراستنی زمانی دایك و ژیان و پێکدادان لەنێوان دوو کلتوری جیاوازدا.



خولەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد لەلایەن مەبەست جەعفەر-ەوە مەبەست و کرۆکی خولەکە ڕوونکرایەوە، پاشان بەشداربووانی خولەکە خۆیان بە یەکترناساند و بەختیار بەکر باسێکی لە مێژووی دامەزراندن و کاروچالاکییەکانی یانەی "میدیا" و ئەنجوومەنی گەنجانی کورد لە هۆڵەندە کرد، کە ئەنجوومەنی گەنجانی "میدیا" هەوڵدەدات خزمەت و هاوکاری و ئاسانکاری بۆ گەنجانی کورد بکات لەهۆڵەندا بۆ جێ و ڕێی خۆدۆزینەوە و خۆچالاککردنیان لە بوارەکانی ژیانیاندا، هەروەها لەلایەن بەشداربووانەوە یەکە یەکە خۆیان ناساند و گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر کار و بەرنامەکانی ئەم خولە کرا.




یەکێك لە بەرنامەڕێژییەکانی خولەکە "سەردار فەتاح" بە لێکوڵینەوەیەك دەربارەی "کێشە و گرفتی خێزانی پەنابەر و گەنجانی بێگانەی لەهۆڵەندا" پەردەی لەسەر کێشە و ئازارەکان هەڵماڵی و شکاندنی شەختەی تابووە کلتوریەکانی لەسۆنگەی خەباتی کلتوری و کۆمەڵایەتییەوە هێنایە بواری گفتوگۆ لێکردنەوە و تیشکی خستەسەر ئەو گرفتانەی کە لە دونیای ئەمڕۆی کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا، بێگانەکانی پێ تاوانبار دەکرێن، هۆڵەندەش یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕۆژانە وەك خانەخوێیەك بەڕووی ئەو گروپانەی دا دەداتەوە. پرۆسەی خۆگوونجاندنی گروپە جوداکانی کۆچبەران هەمیشە وەك تاوانێك "مسوڵمان بوون" یان لە بابەتە گرنگەکانی دیالۆگی پارتە سیاسییەکانی هۆڵەندەدا باس دەکرێت.

هەندێ پارتی سیاسی هۆڵەندی هەن لێکدانەوەی زۆر هەڵەیان بۆ بێگانەکان هەیە و کۆمەڵێ تۆمەتی ئامادەکراویان ڕووبەڕوو دەکەنەوە.

بەڕای ئەوان ئەم گروپانە کەنار گیرن و نەیانتوانیوە ئەکتیڤانە بەشداری بکەن لەناو کۆمەڵگای هۆڵەندی دا و گوایە نەبوونی هێز و توانای ڕۆحی و دەروونی وای لێکردوون ئەو هۆکارانە ڕێگربن لە ئاستی بەرەوپێشچوونی فێربوونی زمان و چوونە ناو بازاڕەکانی کارکردن و بەڕای ئەوان بێگانەکان پەیڕەو پرۆگرامەکانی ژیانیان، بە هەندێ دەقی پیرۆزەوە دەبەستنەوە و ئەمەش بە ئاشکرایی لە پەیوەندی ژیانی کار و خێزاندا و لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و بارودۆخێکی ڕاوەستاوی لە سیستمی هزر و بیری ژنان و پیاوانی ڕۆژهەلاتی و بێگانەکانی پەناهەندەی ئەم ولاتانەدا هێناوەتە ئاراوە، کە ئەنجامەکەی نەگونجانیانە لەگەڵ کەش و سیستمی دیموکراسیدا و کەلێنێکی گەورەی لەنێوان دانیشتوانی بنچینەیی ولاتەکە و بێگانەکاندا دروست کردووە.
لە بەرنامەی گفتوگۆکانی سەر لەئێوارەدا ڕاهێنانێك بۆ گەنجانی بەشداربوو ئامادەکرا بۆ ئەوەی کە هەر خۆیان لەکێشەکانی خۆیان بدوێن و لەهەمان کاتدا چارەسەریشیان بۆ بدۆزنەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەشت گروپیان لێ دروستکرا، لە ئەنجامدا هەر گروپەی بە چەندین خاڵی چڕوپڕەوە گفتوگۆ و موناقەشەی جددیان لەنێواندا دروست بوو، ئەو گروپانە ئەو خالانەی دەستنیشانیان کردبوو تێکڕا لە تەوەرەی پێداویستی و کێشەکانی گەنجی کورد دەدوا لەهۆڵەندا، چونکە هەر گەنجان خۆیانن شارەزای گرفت و کەموکوڕیەکانی خۆیانن دەتوانن کێشەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن و بۆ ئەوەی گەنجان بەیەکەوە گفتوگۆ لەسەر کێشەو گرفتەکان بکەن و هەولبدرێت بەیارمەتی لایەنە پەیوەندی دارەکان چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و بەگوێرەی گرفتەکانی گەنجان کە خۆیان دەستنیشانیانکرد لەچەندین خاڵی هاوبەشدا خۆی دەبینییەوە.
ئەوەی کە تێبینی دەکرا گەنجان زۆر ڕاستگۆیانە خۆیان توانیان دەستنیشانی خاڵە لاوازەکانی گوزەرانی ژیانی گەنجانی بێگانە بکەن کە ڕوبەڕووی لاوانی کوردیش بۆتەوە بەهەردوو ڕەگەزی نێر ومێ وە.
چەندین خاڵی گرنگیان باسکرد دەربارەی کێشەو گرفتەکانیان کە بەم شێوەیە خۆیان دەستنیشانیان کرد:
1- نەبونی ڕێکخراوێك هانی گەنجی کورد بدات بەرەو خوێندن و بازاڕی کار.
2- گەنجی کورد ئامانجێکی دیاری کراوی لەژیاندا نییە بۆ ئەوەی هەوڵی بۆ بدات وهەروەها کێشەی زمانی دایك لە نێوان گەنجانی هەندەراندا.
3- جالییەیەکی یەکگرتوی کوردی لەهۆڵەندا نییە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەنێوان کورد وهۆڵەندیدا دروستبکات و کورد بەهۆڵەندی بناسێنێت.
4- درووستبوونی کێشەی گەنج بەهۆی پەروەردەبوونی لەنێوان دوو کلتوور و دوو ئاینی جیاوازدا وکێشەی لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوایەتی لەلایەن گەنجی کوردی هەندەرانەوە.
5- پێکهێنانی خێزان بەشێوەیەکی هەڵە لەنێوان گەنجی کورددا لەتاراوگە.
6- کێشەی ئازادی کچ لەنێو چوارچێوەیەکی دیاری کراودا لەهەندەران وهەڵسوکەوتی باوك سالاری و بەیەکسانی سەیرنەکردنی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا.
ئەمانە تەوەری گفتوگۆ و لێدوانی بەشی کۆتایی ڕۆژی یەکەم و سەرلەبەیانی و تا سەعات یەکی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووەمیش بوون.
بابەتی دووەمی خولەکە بەڕێز سەردار عەبدوڵلا عەبدولکەریم باسێکی بە ناونیشانی "ئایندە بۆ توندو تیژی یان بۆ ئازادی بیروباوەڕ" پێشکەش کرد.

كرۆكی بابەتەكەی نوسەر لە دەرگای مێژووی توندوتیژی لە ئاینی ئیسلامدا دەدا و بە بەڵگەوە پرسیاری هەمە جۆری دەورووژاند، دەربارەی ئیسلامی توندڕەو میانڕەو و ئیسلامی سیاسی هەر لەسەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە تا ئەمڕۆ.

پاشان خولەكە بە كۆمەڵێك خاڵبەندی لەلایەن ڕێكخەران و گەنجانی بەشداربووەوە كۆتایی هات و جێی ڕەزامەندی هەمووان بوو، داوا دەكرا ئەم كۆرسە تەنها بەیەكگەیشتنی ئەم گەنجانە نەبێت و پردێكی پەیوەندی هەمیشەیی بۆ كاروچاكی جددی لێرەوە دەست پێ بكرێت.